# نا بۆ بەڵێ

**هیدایەت مەلا عەلی**

**دانیمارك**

hidayat_malaali@yahoo.com

**دەسەڵاتدارانی کوردوستان بەردەوام خەریکن بۆ جێخستنی بەرژەوەندی و مسۆگەر کردنی دەسەڵاتێکی داسەپێنراو " بەڵێ " بەخەڵکی کوردوستان دەکەن , ئەم ئەزموونە چەندین جار دووبارە بۆتەوەو خەڵکی بۆ " بەڵێیەکی" سەر کاغەز چەندین جار براونەتە بەردەم سندوقەکانەوە , ئەم" بەڵێیانە " بۆ هەڵبژاردن بووبێت یان بۆ دەستوور یان هەر پرۆژەیەکی تر یەك ناوەڕۆك و یەك ئامانجیان هەبووەو هەیە , دەسەڵاتداران لە ڕێگەی ئەم " بەڵێیانە" وە دەیانەوێت چەوساندنەوەو بێمافی خەڵکی کوردوستان بەقەولی خۆیان یاسایی و دەستووری بکەنەوە , خەڵك بەرپرس بکەن لە هەر ڕووداو پێشهاتێکی سیاسی و کۆمەلایەتی , سەرەڕای ناڕەزایەتی و دەنگێکی دیاری " نا "ی لاوان بەو " بەڵێیانە " بەلام دەسەڵاتداران هەمیشە توانیوویانە بەشێوەیەکی فریووکارانە بەهەر نرخێك بێت " بەڵێ " بەخەڵك بکەن . خەڵکی کوردوستان چەند جارێك " بەڵێیان " کردووە بەلام ئەو " بەڵێیانە" نەیانتوانیوە سەرەتایترین ماف و خواستەکانیان بۆ مسۆگەر بکات , چونکە " بەڵێیەك " کە دەسەڵاتداران فەرزی دەکات بەسەر خەڵکدا بۆ یاسایی و دەستووری کردنەوەی ئەو سەرکووتەیە کە بە ناڕەزایەتی و "نا" کانی خەڵکی کردووە لە چەند ساڵی ڕابووردودا , ئەگەر بە سادەی سەیرێکی " بەڵێکانی " سەر کاغەز و " نا" کانی نێو ناڕەزایەتیەکان و خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران , مامۆستایان ، کرێکاران , یاساناسان , فەرمانبەران , کەمئەندامان ,پارێزەران , خانەنشینان و چەندین توێژو دەستەو دامەزراوەی تر بکەین هەست دەکەین دوو کار و دوو ئاراستەی پێچەوانەن " نا" ی خەڵك " نا"یە بەژیانێك کە شایستەیان نییەو فەرز کراوە بەسەریاندا " بەڵێ " ی سەپێنراو بەسەر خەڵکدا "بەڵێ "ی زنجیر کردن و شەرعیەتدانە بەبێمافی و چەوساندنەوەیان .**

**ئەوا ئێستا جارێکیتر دەسەڵاتدارانی کوردوستان خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکەن خەڵکی کوردوستان بۆ " بەڵێ " یەکیتر بەرنەوە بەردەم سندوقەکان و لە پرۆسەیەکی تەموومژاویدا خەڵکی کوردوستان لە دەرگای " بەڵێ " وە بکەنە ژووری تاریکی دەسەڵاتی میلیشای و بێمافی خۆیان**

.

**مەسەلەی دەنگدان و پەسەند کردنی دەستووری هەرێمی کوردوستان ئەم ماوەیە چ بۆ دەسەلات و چ بۆ خەڵك بۆتە مایەی مشتومڕ و قسەباسی لەسەر دەکرێت , دەسەڵاتداران دەیانەوێت ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەك تێپەڕێنن کەدەنگی ناڕەزایەتی بەم دەستوورە بەگوێی خەڵکیدا نەگات و ناوەڕۆکی دژی ئینسانی و چەواشەکارانەی دەستوورەکەیان ئاشکرانەکرێت , دەستوور بۆ دەسەڵات بەمانای دووبارە کردنەوەی ئەوەی کە 15ساڵە ئەنجامی دەدەن بەرانبەر خەڵکی کوردوستان , دەسەڵاتێك 15 ساڵە بە کردەوە نەیتوانیبێت سادەترین داواکاری خەڵك وەڵام بداتەوە , دەبێت ئەم دەسەڵاتە لە ڕێگەی دەستوورەکەیەوە چی بۆ خەڵکی کوردوستان بکات ؟ . ئەم دەستوورە دەیەوێت ئەڵقەیەکیتری ئەو زنجیرە دڕکاویە بێت کە 15 ساڵە دەکرێتە گەردنی خەڵك و چوارچێوەیەکی ئاسنین بۆ بەشداری و ئیرادە نواندنی ئینسانەکان دەکێشێت,خەڵکی کوردوستان بە پەسەند کردنی ئەم دەستوورە نەهامەتیەکی زیاتر بۆ سەر نەهامەتیەکانی ژیانی خۆیان زیاد دەکەن , ئەم دەستوورە پەیامی پارێزگاری کردنی کورسی دەسەلاتی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووەو , لە شێوەشدا ئەیانەوێت وانیشان بدەن کە بەندەکانی ئەم دەستوورە ماف و ئازادیەکانی خەڵك دەپارێزێت , خەڵکی کوردوستان ئەگەر بیانەوێت بڕیارێکی دروست بدەن لەو ڕاپرسیەدا بەڕەئی من تەنها " نا " یە , زۆر گرنگە خەڵکی کوردوستان " نا "ی ناڕەزایەتیەکانیان و " نا" کانیان بەدەستوور یەکبخەن و پیشانی دەسەڵاتدارانی بدەن کە خەڵکی کوردوستان شایستەی دەستوورێکی پێشکەوتوخوازانەو ئینسانییە, نەك دەستوورێکی قەومی و مەزهەبی .**